# پیوەندی لەگەل رژیمی تیروریستی ئیسرائیل شانازی نییە

حەمید کەشکۆلی

کاتیك قەومییە عارەبەکان قسەیەکیان دژی کورد هەبیت، تاوانباری ئەم خەلکە ( بە قسەی خویان أکراد ) دەکەن بە هەبوونی پیوەندی لەگەل ئیسرائیل. (اکراد)یش هەموویان لە دیدی وان لە کەسیك یا چەند کەسیك پیك دین یان چون پییان خوش بیت– بەخەیالیش بیت– نوینەر بو ئەم چەند ملیون خەلکە دادەنین و ناویان لی دەنین اکراد، چونکە خوشیان کە هەمیشە و بە دریژایی تاریخ لە چەند سەرسەرییەك پیکهاتوون پییان خۆشە لە جیاتی هەمو عەرەب، سەیر بکرین، و رەخنەیەکیشیان لی بگیری، بە جنیو دژی مقدساتی عەرەبی نیشانی دەدەن. وەهەروەهاش بە پشتگیری ئیمپریالیزم و ئیسرائیلیش توانیان خویان بە دەمراستی دەیان ملیون عارەب دانین و لە ژیر ناوی پاراستنی شەرەف و کەرامەتی امتی عرب کارەسات لە دوای کارەسات بە سەر ئەم خەلکە بهینن. عبد الناصر پیشەوای قەومییە عەرەبەکان بوو بە هەمو رەنگو روویەکیانەوە، دەیان هەزار سودانی و یەمەنی و حجازیی قر کرد لە ژیر شیعاری وەحدە و حریە واشتراکیە و رزگاری فلستین. هەمو کەسیش باش دەزانی کە ئیسرائیل قەت دوستی کورد نەبووە و نابی. ئەو دەولەتە کە ئەمریکا و هەمو ئوروپا ( واتا سوپەر هیزەکان) نازی دەکیشن و لە هەر بەلایەك دەیپاریزن و اعتراف ولاتانی عەرەبیشی وەدەست هیناوە، بە هیچ کلوچیك بەرژەوەندی نییە لە پیوەندی بەستن بە کورد یان تەنانەت کوردیکشەوە.

چەکدارانی سەفارەتی ئیسرائیل لە بەرلین سێ گەنجی کوردیان لەبەرچاوی هەمو دنیا رەمی کرد وکوشت بی ئەوەی توزقالیك لەو نامەردییە پەشیمان ببنەوە. موساد دەوری بالای هەبوو لە راوەدوونان و یەخسیر کردنی سەرۆکی PPK ئیسرائیل هاوپەیمانی عەسکەری و ئابوری امنیی تورکیە یە کە تەنانەت نایەوی لە خەونیشدا ببیسیت کوردیك نەك لە سەر خاکی کوردستان بەلکو لە جزیرەکانی کاریبیشدا بیت، خەون بە دەولەتیکی کوردیەوە ببینی. سەرەك وەزیری پیشووتری ئیسرائیل نتنیاهو بە راشکاوی رایگەیاند کە حکومەتەکەی لە دژی هەولی پیکهینانی کودستانە. ئەوەشمان لە بیر نەچی کە سلاحەدینی ئەیوبی، کورد بووە ( هەر نەبی لای ئیسرائیل و صلیبیەکانی ئەم سەردەمە) و لەکاتی پیویست روداوەکانی تاریخی چەنیك دیریش بیت بۆ ئامانجی تالان کردنی گەلان و چەوساندنەوەیان وەستایانە بە کار دەگرن.

لە گفتوگویەکی تلفۆنی لەگەل رادیو کوردی محلی مالمو –سوید کاك بەختیار ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی کاری. . . لە وەرامی پرساریکدا نکولی لەوەی نەکرد کە مقومقو بلاوبوەتەوە ئەندامیکیان سەردانی ئیسرائیلی کردووە، و وتی پیوەندی لەگەل هەر لاییك دەکەین ئەگەر لە بەرژەوەندی کورد بیت. . و ابو حکمت کە وەزیرە لە کوردستان تحملی مسؤولیەتی علاقاتی خارجی دەکا. هەروەهاش وتی کە پیوەندیان نییە بە دا گیرکەرانی کوردستان.

وا دیارە ئەم حەجە ممبارەکە هەر لە خەیال و غایەلە بەولاوە هیچی تر نییە، و ئەم حزبە خوی پروپاگەندەی وەها پەخش دەکاتەوە، بەلکو پیی گەورە بیت. (ئاخو شارونیکی زل و زەبەلاح بیزی نەیەت لە گەل یاسر عرفات دابنیشی یان روویەکی خوش نیشانی مەسئولیکی کورد نەدابی، کوو وا گەزگەز بالا ناکەن ئەوانەی بە دیداری شاد وشکور دەبذ ! ! ؟؟؟

ئەو کوردپەروەرانەی ح. ك. س. ك کە باس لە ئازادی دەکەن، با باسی ئەوەش بکەن چون پیش ئەوەی ناوی حزب لەخۆ بنین، دا گیری بارەگای حزبی شیوعییان کرد، داوایان کرد و تا ئیستاش داوا دەکەن – ئەگەر بازارەکەیان رەواجی هەبی –، ( حشع) لە کوردستاندا کاری تەشکیلاتی نەنوینی.

بەلی ئەوەیە ریزگرتن لە دیموکراسی و پاراستنی ئازادی ! !

ئەمن بە هیچ جوریك دژی پیوەندی و سولیداریتی گەلان و زەحمەتکیشانی جیهان نیم، وئەو پیوەندانە دەبی ئاشکرابن و مایەی شانازیش بی مادامیکە پیوەندی ئینسانی و برایانە ن، و گەلی ئیسرائیل بەرپرس نییە لە راست جینایەتەکانی شارون و باندە تیروریستەکەی. دەبی ئاشتیخوازانی ئیسرائیلی و عارەب پشتگیری بکرین.

ئەوە شارونە پرۆسەی ئاشتی زیندە بەچال دەکا، خوی و عەسکەرە فاشستەکەی ژن ومندال دەکوژن، تەنانەت ئاشتیخوازانی ئیسرائیلیش سەرکوت دەکەن. شارون لە محکمەی هاگ کیسەکەی دەراسە دەکەن، بە ئەمر و سەرپەرشتی خوی هەزاران ئینسانی بیگوناه لە صبراوشاتیلا کوژران.

ئایا ئیمە کورد ئینسانییەتی خومان لە دەست داوە، هەول بدەین دوستایەتی جنایەتکارانی وەها بکەین ؟؟

ئەگەر رژیمگەلیکی عەرەبی و هەندیك تەشکیلاتی اسلامی وعەرەب تیروریست بن، بە هیچ جوریك رووی تیروریستەکانی ئیسرائیلی سپی ناکاتەوە. هەردوو لا ( چ تیروریستی عەرەب وئیسلامی بی یان هی ئیسرائیلی ) دوو رووی سکەیەکن.

پاشانیش ئەگەر ئیمە کورد، تیرۆرەکانی شارونمان پی تیرۆر نەبی یان رەوا بیت، ئیدی بە چ هەقیك داوای تولەی قوربانییەکانی هەلەبجە و ئەنفال بکەین، بە چ روویەك داوای محکمەی سەرانی رژیمی بەعسی بکەین. ؟؟

هەندیك کورد بە هۆی جوراوجوری کۆمەلایەتی و سیکولوجی و هی دیکە، قەومییەتی ملیتانتی فاشستیی عەرەبیان لا مۆدیل وسەرمەشقە. . مودیل بۆ تەشکیلی دەوەلەت و وەجی گەیاندنی (بەقسەی خویان) ئارەزووە میللییکانیان و. . بەلام قەت نایانەوی بزانن ئیمە لە سەردەمی عوسمانلی پیاوە نەخوشەکە نین، استعماری کلاسیك پتر لە نیوقەرنە مالئاوایی لیی کردووین.